# نوێکردنەوەی دیموکراتیی[1]

## Demokratins förnyelse

**ڕێبوار ڕەشید**
**لە سویدیەوە کردوویە بە کوردی**

خوێندنگەیەک لە ناو زانستی سیاسەتدا هەیە، بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەنگلۆساکسیدا، کە ئەوە نێزیکەی بە شتێکی تا ڕادەیەک پۆزەتیڤ دادەنێت کە مرۆڤەکان جۆرێک لە بێدەربەستیی بەرانبەر بە پرسگەلەکانی کۆمەڵگا دەنوێنن. [ئەم بیرە مەبەستی ئەوەیە کە] ئەگەر هەمووان بە پەرۆشەوە ئارەزوومەندی سیاسەت بن ئەوا زەمینە بۆ توندڕەویی و بێتەحەمولیی دروست دەبێت. پاسیڤیتی (دوورەپەرێزیی) و کەم دەربەستبوون دەتوانێت بەو مانایە بێت کە خەڵک لە چۆنیەتی کارکردنی سیستەمی دیموکراتیی و ئەو بڕیارانە ڕازیین کە ئەو سیستەمە بە ناوی ئەوانەوە دەریان دەکات.

زەحمەت نییە تێبگەیرێت کە ئەم تیئۆرییە دەستەخوشکی ئەو بیرانەیە سەبارەت بەو دیموکراتیە باشەی [کە گوایە] هەموو ئامانجە گرینگەکانی فەراهەم کردووە. [بە پێی ئەم بیرە] ئەوەی دەمێنێتەوە هەر ئەوە ماوە کە کەمێک خزمەتگوزاریی باشتر لە بواری جیاوازدا پێشکەش بە مرۆڤەکان بکردرێت. ئەوەش هەروەها زەحمەت نییە کە بتوانرێت ببینرێت کە ئەم تیئۆریە برای ئەو بیرەیە کە بڕوای بە پووکانەوە و مردنی ئایدیۆلۆژیەکانە لە ناو کۆمەڵگای باشبژێتی (ڕەفاهیەتی) پێشخراودا. ئەمە ڕەنگی ئەو مێرگە سەوزە ساختەیەی ساڵانی پەنجا و شەستەکانە کە دەدرێتەوە. [بە پێی ئەم بیرە] هەموو شتێک لە خۆیدا تا ڕادەیەکی باش چاکە. [دەگوترێت] هیچ لە سیستەمەکە مەگۆڕن. [هەر] ئاگادار بن کە گارانتی بۆ مافگەل و ئازادیە دیموکراتیەکان و بۆ کێبڕکێیەکی ماقووڵ لەسەر دەستەڵات وەدەستگرتن لە ناو ئەو گرووپە جیاوازنەدا هەبێت کە لەگەڵ یەکدا ڕەقابەتیانە. ئەو کاتە گارانتی دژ بە کەڵکەوەرگرتنی ئاوەژوو لە دەستەڵات دروست دەبێت و هەروەها گارانتی ئەوەش پەیدا دەبێت کە دەستەڵات بەکاربهێنرێت بۆ گۆڕینی باشبوون و هاوئاهەنگیی سیستەمەکە.

بناخەی ئەم بیرە – هەروەکوو لەیف لەڤین Leif Levin لە خوێندنێکی ئارەزووئامێزدا پێشی خستووە – لەگەڵ ئایندەبینیی کلاسیکی دیموکراتیی سەبارەت بە بەشداربوونی چالاکانە لە کاروباریی هاوبەشیانەدا وەک ڕێگایەک بەرەو پێشکەوتنی کەسیی و خۆناسینەوە لە دژایەتیدایە. ئەم بیرە هەروەها کەموکورتیەکی شایانباسی تێدایە. [ئەویش ئەوەیە کە] پاسیڤیتی (دوورەپارێزیی) پێویست ناکات نیشانەیەک بێت کە بە مانای خۆشبەختی و ڕازیبوون بێت. دوورەپارێزیی دەشتوانێت هەروەها دەربڕینێک بێت بۆ بێدەستەڵاتیی. لە ئەمەریکا زوو نیشاندرا کە چالاکیی سیاسیی لە ناوچە هەژارنشینەکان و ڕەشپێسنشینەکاندا، لە ناو ئەوانەدا کە مووچەیان نزمە، کە بێکارن، کە هەر زۆر هەژارن، بەتایبەتی لاواز بووە. ئەم مرۆڤانە خۆیان لە دەرەوەی سیستەمەکەدا دەبینیەوە، و پێیان وانەبوو بتوانن کاری تێ بکەن، بێ ئەوەی چاوەڕووانیەکیان لە سیستەمەکە هەبێت کە بتوانێت کێشەکانیان چارەسەر بکات. ئەو مرۆڤانە دوورەپەرێز بوون چونکە لاواز بوون و هەستیان بە بێدەستەڵاتیی دەکرد.

ناکرێت ئەمە سەرمان سووڕ بهێنێت. ئەم باسە لەگەڵ ئەزموونەکانی مێژووی بزووتنەوەی کرێکارییدا دێتەوە. کرێکارە دوورەپەرێزەکەی ناو کۆمەڵگای سەرەتای دەستپێکردنی پیشەسازیی لە بەشی خۆی ڕازی بوو،

---

[1] نوێکردنەوەی دیموکراتیی Demokratins förnyelse بریتیە لە یەکێك لە کۆمەڵێك وتاری جودا لە کتێبی
**Att vilja gå vidare, Olof Palme. Tidens förlag, 1974 s. 44**

چونکە خەونی بە چارەنووسێکی دیکەوە نەدەبینی. بە هەر حاڵ دەستەڵاتداران وایان دەبینی. کرێکارە کاراکە (چالاکەکە) داوای گۆڕانکاریی دەکرد. دیموکراتی بۆ بزووتنەوەی کرێکاریی بوو بە ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لە بێدەستەڵاتیی. کاتێک کە سۆشیالدیموکراتیی لە کۆنگرەکەی شاری نۆڕشۆپیندا Norrköping ئەو ویستەی ڕاگەیاند کە خوازیاری تاقیکردنەوەی ڕێگای ئاشتییە بۆ وەدەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ گشت لەبەرئەوە نەبوو گارانتی چاک بوون و سەقامگیریی لە سیستەمەکەدا بکات. لەبەرئەوە بوو کە بە هاوکاریی کارایی گەل سیستەمەکە بگۆڕێت و بۆ ئەوەی کە کۆهەژاریی، بێکاریی و ئەو دۆخە فرە دژوارانە ڕابماڵێت کە مۆرکی خۆی بە کۆمەڵگای ئەو دەمەوە نابوو.

ئەم فێربوونە بناخەییە برەوی خۆی لە دەستتدا دەهێڵێتەوە. بۆ ئێمە دیموکراتی ڕەگی لە هەبوونی ئەو داوایەدایە کە بۆ گۆڕانکاریی لە ڕیئالیتە کۆمەڵایەتیەکەدا دەیکات. داوا بۆ هەبوونی مافی هاوبڕیاریی لە گیروگرفتگەلی ڕۆژانەی مرۆڤەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو دەم وا بوو. ئێستایش هەر وایە. دۆخە ناجۆرەکانی ژیانی کار، هەڕەشەی ژینگە، ترس لە بێکاربوون وای لە مرۆڤەکان کردووە کە داوایەکی تا دێت زیاتریان بۆ بەشداریکردن و لەگەڵدابوون هەبێت کاتێک کە سەبارەت بە گۆڕینی ژینگەی کۆمەڵایەتییانە. قسەی وەکوو هەبوونی کۆمەڵگایەکی نێزیکەی بێخەوش و تیئۆریی سەبارەت بە دوورەپەرێزیی چاک، دوو شتن کە لەگەڵ یەکدا دێنەوە. ڕەخنەی تووندبوو لە کۆمەڵگا و ئەو شەپۆلە بەهێزە بەدیموکراتیکردنەی کە لە کۆتایی ساڵانی شەستەکاندا لە ئارادا بوو لەسەر هەمان هەوڵ و تەلاش دامەزراوە کە بۆ گۆڕین و باشترکردنی کۆمەڵگایە.

ئەگەر مرۆڤ خوازیاریی چالاکیەکی گەورەتری دیموکراتیانە بێت و ئەو داوایە پەسەند بکات کە بۆ دەستڕۆیویی لە سیستەمەکەدا دەکرێت، ئەوا دەبێت پرسیارەکان سەبارەت بە کام جۆرە چالاکیی و دەستڕۆیویی بن؟ ئەمە گرفتێکی گەورەیە. چونکە ئا لێرەدایە کە هەندێک مەترسی خۆیان مەڵاس داوە.

ماوەیەک لەمەوبەر لەسەر ئەم باسە لەگەڵ کەسێک کە لە وڵاتێکی دیکەوە بۆ سەردان هاتبوو دەلیلم هێنایەوە. بێگومان حوکمەتێک دەبێت بەرپرسیارێتی خۆی بۆ ئەو باوەڕە هەڵبگرێت کە هەیەتی و دەبێت بتوانێت هەبوونی خۆی بخاتە گرەوەوە. هەروا بەو شێوەیەش سەرنجراکێشە کە ئەم پرسیارە بکردرێت: ئەگەر لە پرسیارێکی گەورە و بڕیاردەرانەدا بۆ گەل حوکمەتی وڵاتێک بێت و بە پێچەوانەی ڕایەکی ڕوون و دیاریی خەڵکەکەوە هەڵوێست وەربگرێت، چۆن ئەم کارە لەگەڵ ئەو داوایەدا کە بۆ زێدەترکردنی بەدیموکراتیکردن و بەشداریکردنە دێتەوە؟

وەڵامەکە ئەوەبوو کە ئەمە فرە باش دێتەوە. لە پرسیارە گەورە و بڕیاردەرەکاندا حوکمەت دەبێت بڕیار بدات. ئەو پرسیارانە فرە گەورە و ئاڵۆزن بۆ خەڵک کە بتوانن هەڵیان بسەنگێنن. ئا لەوێدا مرۆڤ ناتوانێت بە باشی ڕای خەڵک لە بەرچاو بگرێت. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ڕیزێک پرسیاری دیکەی بچووک هەن، نێزیک بە ژیانی ڕۆژانە کە تیایاندا هاوبڕیاردان بەهایەکی ئەرێنیی هەیە و دەبێت بە توندی بە جۆش بخرێت.

ئەو دەلیلهێنانەوەیە دەشێت بۆ کەسێک جێی باوەڕ بێت. ئەمە مەترسیدارە. ئەمە دەشێت بە مانای کردنەوەی دەروازەیەک بێت [سەرەتایەک بێت] بۆ داسەپاندنی دەستەڵاتی کەمینە (ئۆلیگارکی). بەم جۆرە بەدیموکراتیکردن وەکوو میتۆدێک دەخرێتە بەردەست بۆ وەدووورڕاگرتنی خەڵک لە پرسیارە بڕیاردەرەکان، وەکوو گەمەیەکی سەرگەرمیی گلادیاتۆری ئێستا یان کۆن، شێوەیەک بۆ مەشغوڵکردنی خەڵک بێ ئەوەی بە ڕاستیی بتوانن کار بکەنە سەر ئەو پرسیارە بڕیاردەرانەی کە هەن.

بەو جۆرە من بە هیچ شێوەیەک نەکەوتوومەتە پۆلەمیکەوە (دەمەجەنگیی polemic[2]) دژ بەو بیرەی کە داوای زۆرکردنی کاریگەریی دەکات لەمەڕ ئەو پرسانەی کە نێزیک بە ژیانی ڕۆژانەن. بە پێچەوانەوە ئەمە هۆیەکی بڕیاردەرانە و تا دێت گرینگە لە زۆرترکردنی بەدیموکراتیکردندا. ئەوە کارێکی ژیرانەیە کە ئێل ئو

[2] پۆلەمیك (دەمەجەنگیی polemic) واتا ڕاستیەکەی بە کوردی دەبێت بە دەمەجەنگیەك کە خۆدژگوتنی تێدا بێت.

(لاندسئۆرگانیزاسیۆن) خاڵی قورسایی دەخاتە سەر دیموکراتیی شیرکەت لەسەر ئەو پرسانەی کە نێزیک بە ئەردی کارە (پیشەگا، ورشە): ژینگەی کار، سیاسەتی کارمەندان، ڕێکخستنی کار و هتاد. ئەمانە پرسگەلێکن کە مرۆڤ ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ دەتوانێت کاریگەریی لەسەریان دابنێت و لەو شوێنانەشدا مووچەخۆران هەن کە خاوەنی تواناییەکی دانسقە و بێبێنەوبەرەن. ئەوە کارێکی دروستە کە مرۆڤ لە ڕێگای جوداوە هەوڵدەدات کاریگەریی هاووڵاتیان لەسەر پرسیاری جودا کە پێوەندی بە شارەوانیەکانیانەوە هەیە، بە ناوچەکانیانەوە هەیە، بە گەڕەکەکانیانەوە هەیە و هەوڵدەدات کە هێندەی دەکردرێت مافی بڕیاردانی ڕاستەقینە ناناوەندیی (ناوەند ڕەواندنەوە) بکەن. ئێمە دەبێت هێندە تەوانا و تاقەتمان هەبێت کە بتوانین ئەو لایەنە ئەرێنیە (پۆزەتیڤە) ببینین کە بە چاوی هەندێک چالاکیی زێدەکراوە کە لەو ساڵانەی دواییدا لەو بوارانەدا گەشەی سەندووە. ئەمە لایەنی کەم دەبێتە مایەی خۆتاقیکردنەوەیەکی بەسوود.
بەڵام ئەمەش بەس ناکات. دەبێت پێوەندیەک لە نێوان کارە ئاساییەکان و هەوڵدانەکاندا بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا بە گشتیی هەبێت. ناناوەندیکردنێکی ئارەزووکراو نابێت بەو مانایە بێت کە مرۆڤ هەوڵی ئەوە بدات هەل لە دەست مرۆڤەکان هەڵبچڕووکێنێت کە بتوانن هەڵوێست وەربگرن و کاریگەرییان لەسەر ئەو بڕیارانە هەبێت کە دەبێت لە ناوەندا بمێننەوە. زێدەبوونی هەل بۆ کاریگەریی لەسەر ستروکتوری (ساختمانیی) کۆمەڵگا بە شێوەی بچووک نابێت بەو مانایە بێت کە مرۆڤ دەستبەرداریی هەوڵ و تەقەلاکان بێت بۆ باشترکردنی ستروکتورەکانی کۆمەڵگا بە شێوەی گەورە. ڕێگام بدەن یەک دوو نموونە بهێنمەوە:
ئێمە دەمانەوێت ژینگەی کار بگۆڕین. ئەوە دەبێت ڕاستەوخۆ لە شوێنی کاردا ڕوو بدات. دامەزراوان دەبێت هەلی زێدەتریان بۆ فەراهەم بکرێت کە بڕیار لەسەر ئەو ژینگەیە بدەن کە خۆیان تیایدا دەژین. بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەمە بکەین دەبێت مافێک بۆ بڕیاردان لە هەموو شوێنێکی کاردا دابمەزرێنرێت. دەبێت یاسا هەبێت کە داوای تەندروستیی و داوای ژینگە، کە توێژینەوە بۆ بەرەوپێشەوەبردنی هۆشیاریی، کە سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی یاساکان داسەپێنێت. دەبێت هاوئاهەنگییەک لە نێوان کاریگەربوون لەسەر ئاستیی ئاسایی و هەوڵدان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا بەگشتیی هەبێت.
سیاسەتێکی ناوچەیی باش نابێت هەر بە تەنها لەسەر چالاکیی و ئەو کەرەستانە دابمەزرێنێت کە بە تەنها لە خودی ئەو ناوچەیە خۆیدا هەن. ئەگەر وا بێت لەو حاڵەتەدا پێویست بە هیچ جۆرە هەنگاوێکی گونجاندن ناکات. هەموو جۆرە هەنگاوەچارەکانی بەرابەرکردنی باجی شارەوانیی بۆ پشتگیریی لە پەیداکردنی کار لەسەر ئەو بیرە دامەزراوە کە هاوپشتیی کۆمەڵگا لەو هێزانەی بازاڕ کە هەن بەهێزترە. بیرە بناخەییەکە ئەوەیە کە ئێمە بتوانین نیگامان بڵند بکەین بۆ سەروو ئەو گیروگرفتە نێزیکانەی کە لە ناوچەکانی خۆمان لەبەردەماندان بۆ ئەوەی گەشەیەکی ناوچەیی بەرابەر (پارسەنگکراو) بۆ هەموو هاووڵاتییەک لە کۆمەڵگادا بکەین بە پرسیارێکی گرینگ. ئەوەش بەوە دەکرێت کە ڕێکخستنێکی کۆمەڵگا دابمەزرێنین کە مەجال بۆ ئەم هاوپشتێتیە بکاتەوە.
ئەوە هەر زۆر ناماقووڵە کە بگوترێت و پێ دابگیرێت کە گوایە پرسیار هەن کە زۆر گەورە و ئاڵۆزن بۆ ئەوەی مرۆڤی ئاسایی بتوانن هەڵوێستیی بەرانبەر وەربگرن. کاتێک مرۆڤ بۆچوونێکی وا پەسەند بکات ئەوا یەکەم هەنگاو بەرەو تێکنۆکراتیی، دەستەڵاتداریی پسپۆڕان و دەستەڵاتداریی کەمینە دەنێت. پێویست ناکات ببین بە قوربانیی هیچ لەدەست نەهاتوو بۆ هێزگەلی نەناسراو کە ناتوانین کاریگەرییمان لەسەریان هەبێت، بۆ بڕیاری پسپۆڕ کە ناتوانین لێیان تێ بگەین، بۆ کرداری سیاسیی کە ناخرێنەبەردەست و کە ئێمە ناتوانین ئاگادریان بین. زۆرینەی ئێمە پسپۆڕ نین. ئێمە وابەستەی کەرەستە و زانیاریی پسپۆڕانیین و دەبێت لەو دۆخەیشیدا ڕێزمان بۆی هەبێت. بەڵام بڕیارە چارەنووسسازەکان لە بناخەدا پێوەندیی بە کۆمەڵێک بەهاوە هەیە سەبارەت بە جۆرێک گەشەی خوازراو بۆ کۆمەڵگا کە تیایدا هیچ ئێلیتێک (نوخبەیەک) داوای ئیمتیاز نەکات و خۆی بە ئاقڵتر دانەنێت. سیاسەت شتێکە کە دەست پێی دەگات، کە شیاوی ئەوەیە کە هەر کەسە و کاریگەریی خۆی لەسەری دابنێت. ئەمە ئەو پەڕی مانای دیموکراتییە. لەبەرئەوەیە ئێمە هەروەها لە شورای ڕاوێژدا شێلگیرانە پرسە ناوەندیە گونجێندراوەکانی کۆمەڵگامان خستووەتە بەرهەڵسەنگاندنی بەشداران.

ئێمە لەسەر ئەم کارە بەردەوام دەبین.

* * *

سیاسەت لە سیستەمی دیموکراتیی چالاکدا دەکەوێتە ژێر هەندێک داواوە کە قابیلی خۆلێلادان نین. سیاسەت دەبێت بە بەهاگەلێکی تەواو ڕوونەوە کە بخرێتە بەردەست و بە کۆمەڵگابینیەکی باش بیرلێکراوەوە بکردرێت. ئایدیۆلۆژیەکان نەمردوون. لە سەردەمێکدا کە داواکاریی زۆر گەورە بۆ گۆڕانکاریی هەن بەتایبەتی داواکاریی گەورە لەسەر خۆگریی (توند و تۆکمەیی) بناخەسەرەکیەکانی کۆمەڵگابینیی دەبێت.

ئامرازی کۆمەڵگاگۆڕیین ئەوەیە کە بەردەوام ڕێکخستنێکی بەهێز هەبێت. مووچەخۆرانی ئاسایی دەبێت پێکەوە و یەک بن بۆ ئەوەی بتوانن بەرژەوەندیەکانی خۆیان بسەپێنن و داواکاریەکانی خۆیان بەئەنجام بگەیەنن. دەنا دەبن بە تۆپی بازیی بەرژەوەندییە گەورەکان. پەر ئولۆڤ ئێنکڤیست Per Olov Enquist لە کتێبە نوێیەکەی خۆیدا بزووتنەوەی کرێکاریی بەوە تاوانبار دەکات کە وەرزشی پشتگوێ خستووە وەکوو دەربڕینێک بۆ بیری هاوپشتێتی و بیری هاوبەشێتیی. من لێرەدا ئەم باسە ناهێنمە ئاراوە. بەڵام مرۆڤ دەتوانێت بیهێنێتە بەرچاوی خۆی کە گەشەی کۆمەڵگامان چلۆن دەبوو ئەگەر مووچەخۆران، کڕیاران، کرێنشینان، لە ڕێکخستنێکدا خۆیان ڕێک نەخستایە، ئەگەر بیری هاوپشتێتیی خۆی دەرنەبڕیایە کاتێک کە سەبارەت بە هۆشیارکردنەوەی گەلە، کە سەبارەت بە هونەر و کولتورە. پاراستنی بزووتنەوەی گەل وەک پارێزەیەکی دڵنیایی بۆ مرۆڤەکان بە بەردەوامیی یەکێک دەبێت لە هەرە ئەرکە گرینگەکانمان بۆ ئەوەی بتوانین دیموکراتیی لە کۆمەڵگای سوێددا بپارێزین.

بۆ ئەوەی بتوانین ئارەزووەکانمان بگەیەنینە بڕیار دەبێت خاوەنی سیستەمێکی نوێنەرایەتی بین. ئەمە ئایدیالیی نییە، بەڵام [تا ئێستا] هیچ شتێکی لەوە باشتر نییە، ئەگەر بمانەوێت کە دیموکراتیی هێزی کرداری خۆی بهێڵێتەوە.

لەو دوواییانەدا جۆرێک لە ڕاوەدوونانی نوێنەران لە ئارادا بووە. [دەگوترێت کە] نوێنەران ئەوانەن کە خاوەن دەستەڵاتن. لەبەرئەوە جێی گومان و شکن. بۆیە دەبێت دژایەتیان بکردرێت و پەردەیان لەسەر هەڵماڵدرێت.

بێگومان نوێنەر هەن کە جێی خۆیەتی دژایەتیان بکردرێت و پەردەیان لەسەر هەڵماڵدرێت و هەموویان دەبێت بەرگەی لێڕووانین و ڕەخنەی نێزیک بگرن. ئەوەی کە من لەمەدا بەرپەرچی دەدەمەوە ئەو بەرخوردەیە کە هەوڵبدرێت مۆری گومانلێکراویان لێبدرێت تەنها لەبەرئەوەی کە نوێنەرن. ئەم جۆرە هەڵوێستە لە بناخەدا ڕەنگی دیاردەیەکی دژبەدیموکراتیی دەداتەوە.

کۆمەڵگای سوێدیی لە بناخەدا لەلایەن دەیان هەزار کەسەوە دامەزرێنراوە کە ئامادە بوون متمانەی هاوڕێیانی خۆیان بخەنە سەرشانیان و ئەو زەحمەتە زۆرە هەڵبگرن کە واقیع بگۆڕن. خەباتی ئەم مرۆڤانە هەروەکوو پێشمەرجی چارەنووسساز دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی کە دیموکراتیەکی گەلیی تەنانەت لە ئاییندەشدا بتوانێت بمێنێتەوە، پێشبخرێت و هێزی تێدا هەبێت کە کۆمەڵگا بگۆڕێت. ئەم کارە بە زۆریی لە ڕۆژانی دژواردا ئەنجام دراوە. درامای کارەکە لە باشتربوونی مەرجگەلەکانی ژیاندا ڕەنگ دەدەنەوە. ئێمە نابێت هێندە گەوج بین کە بهێڵین کەمینەی بچکۆلەی ڕاست و چەپ بێن و متمانەمان لەناوببەن و کارکردەمان لای ئەم خەڵکانە لاواز بکەن. بەو ڕیسکەوە کە ڕەسمیی بێمەگوێ دەوێرم پێ دابگرم کە مێژووی دیموکراتیی سوێد دەبێت بە بیرەوەریەکی پیرۆز (بە ئابڕوو) بۆ نوێنەران لە شارەوانیەکان، لە پارتە سیاسیەکان و لە بزووتنەوە گەلیەکاندا.

بەڵام بێگومان دەکرێت ڕەخنە لە سیستەمی دیموکراتیی نوێنەرایەتیانە بگیردرێت.

ئەگەر بڕیار وایە دیموکراتیی پێش بخەین ئەوا پێویستە بە بەردەوامیی *کارەکەی بەبایەخ* و بازنەی کارتێکردنەکەی *بەرفراوانتر* بکەین.

ئەوە بەس ناکات کە بگوترێت: لە دیموکراتی نوێنەرایەتیانەدا خەڵک نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن. ئیتر

ئەم نوێنەرانە دێن و کاری خۆیان ڕادەپەڕێنن. ئەگەر مرۆڤ بیەوێت کار بکاتە سەر بڕیارەکانی ئەوان ئەوا فۆرمی پێڕەوبەند هەن بۆ ئەو کارە. ئەگەر بێت و مرۆڤ لێیان ناڕازیی بێت دەتوانرێت بە سەرەی دیموکراتیی بگۆڕدرێن بە کەسانی دیکە.

لە ڕووی ڕەسمییەوە ئەمە وایە. لە ڕاستەقینەدا ڕووانینێکی پاسیڤانە (دوورەپەرێزانە) لە دیموکراتیی لە ئارادایە. متمانەداریی هەر تەنها بە مانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریی بۆ ڕاپەڕاندنی کارێک نایەت. ئەوە هەروەها ئەو ئەرکەیشی تێدایە کە نوێنەر بچێت بۆ لای خەڵک و باس لە گیروگرفت و کارەکانیان بکەن، گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن، گوێ لە بۆچوونەکانیان بگیردرێت، ئامادە بن هەڵوێستەکانیان بگۆڕن.

ئەم بەنرخکردنەی دیموکراتی دەبێت لە هەموو بوار و ئاستێکدا ئەنجام بدرێت. لە ناو شارەوانیەکاندا، لە بزووتنەوە گەلییەکاندا، لە ناو پارتیدا. گەلێک نیشانەی بەڵێنئامێز بۆ نوێکردنەوەیەکی لەو جۆرە هەیە. چالاکیە شارەوانیەکان لە شاری ڤێستەرۆس و بۆرلێنگە، بۆ نموونە گرەوی مەزنی هەرەوەزیی لە کۆنگرەیەکی کرپاراندا، چالاکیی لە گەلێک ڕێکخراوەی پارتی لە ئاستی ناوچەدا. هەبوونی شورای ڕاوێژ لە ناو بزووتنەوەی پارتی و سەندیکادا بە مانای نوێکردنەوەیەکی بێهاوتای فۆرمەکانی کار دێت، کە نە تەنها لە ڕێکخراوەکانی دیکەدا لێرە لە وڵات، بەڵکو هەروەها لە لەسەر ئاستیی نێونەتەوەییش چاوی لێکراوە.

ئیمە هەروەها دەبێت خودی دیموکراتییش *بەرفراون* بکەین. کۆنگرەی لاندس ئۆرگانیزاسیۆن (ئێل ئو) بەو مانایە دێت کە بزووتنەوەی کرێکاریی سەنگەرەکانی خۆی هێناوەتە پێشتر. بزووتنەوەی سەندیکایی ئەرکێکی مەزنی بەرپرسیاریی هەڵگرتنی خستووەتە سەر شانی خۆی. بزووتنەوەی مووچەخۆران لەسەر هەمان ڕێچکە دەڕوات. ئەوە کاری ئێمەیە وا بکەین کە مووچەخۆران باشترین بارودۆخیان لە کارەکانیاندا لە دەستدا بێت. لەبەرئەوەیە کە دەبێت یاساکان بگۆڕدرێن وا کە بناخەیەکی باشتر بن بۆ بەدیموکراتیکردنی ژیانی کار، کە کاریگەریەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژینگەی کاری خۆیان هەبێت و هەروەها کاریگەرییش لەسەر سیاسەتی دامەزراوان لە کارگەدا.

دیموکراتیەکیی بەنرخ پێویستی بە ئاوەڵەییە. ئاوەڵەیی ڕووەو ناوەوە لە ناو ڕێکخراوی خۆدا. ئاوەڵەیی ڕوو بە دەرەوە ڕوو بە ئاراستە بیروبۆچوونە جیاوازەکانی دیکە.

لە ناو کۆمەڵگای سوێددا بیری ئایدیۆلۆژیی جیاواز هەیە، ناکۆکی بەرژەوەندیی بەرچاو هەیە. ئەوانە نابێت بشاردرێنەوە. بەڵام هاوکاتیش دەبێت هاوپشتیەکی بنچینەیی کۆمەڵگایی هەبێت کە هەموو هاووڵاتییان بگرێتەوە. سێکتاریزمی ڕوو بە ناوەوە شایەت بتوانێت ڕۆح بەهێز بکات، بەڵام ناتوانێت بەرەو پێشەوەی ببات. لە کۆنگرەی ئێل ئودا (لاندسئۆرگانیزاسیۆنن) گوتم کە هاوکارییکردن نەریتی بزووتنەوەی کرێکاریی سوێدیە. ئەمە بە هیچ جۆرێک مانای دەستبەردان لە بیرەکانمان و لە بەرنامەی سیاسییمان نییە. ئەمە هەروەها بەو مانایە نایەت کە ئەو ناکۆکیە بەرژەوەندیانە بشارینەوە کە لە ناو کۆمەڵگای سوێددا هەن. بەڵام بەو مانایە دێت کە ئێمە ڕێگاکان سەبارەت ئەو پرسانە کە بە پلەی یەکەم لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکاندا گرینگن بەرەو ڕێککەوتنێکی ئاقڵانە تاقی بکەینەوە.

منیش ئەو پرسیارەم کرد: ئایا هاوکاریی مەترسیدارە؟ [نەخێر] مەترسیدار نییە ئەگەر مرۆڤ بزانێت لە کوێدا وەستاوە و چی دەوێت، ئەگەر ئاراستەی ڕێپێوانەکە ڕوون بێت. سۆشیالدیموکراتیی هەڵوێستی خۆی ڕوون نیشان داوە. ئەمە لە بڕیاری کۆنگرەی ساڵی ١٩٦٩ - ی پارتیدا و لە مانیفێستی کرامفورس Kramforsmanifestet لە ساڵی ١٩٧٠- دا خراوەتە بەردەست. ئێمە هەوڵ و تەقەلای خۆمان لەم چەند ساڵەدا کە بەڕێوەیە بۆ بەڕیفۆرمەکردنێکی ژیانی کار لە بەرفراوانترین مانایدا تەرخان دەکەین: ژینگەی کار، هەبوونی کار، دڵنیایی دامەزراندن و دیموکراتیی کارگە. ئەمە گرینگە. چونکە ئەمانە گیروگرفتێکن کە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکاندا لە ڕیزی هەرە پێشەوەن. بەئەنجامگەیاندنێکی ئەم بەرنامەیە بە مانای گۆڕینی پێوەندیەکانی دەستەڵات دێن لە ناو کۆمەڵاگی سوێددا، لە ناو کارگاکاندا و هەروەهاش لە ناو کۆمەڵگای سوێددا بەگشتیی. ئەمە گرینگە بۆ فەراهەمکردنی (چەسپاندنی) داواکاریە کۆمەڵایەتیەکان. لەلایەکی دیکەوە ئەمە هەروەها بە مانای پێشخستنی ئابووریی تێکەڵاو (لیکدراو) - یش دێت. ئەگەر کۆمەڵگا هەر ئێستا ئامادە

نەبێت کە هەموو شیرکەتە بچووک و مامناوەندیەکان لە وڵاتدا بخاتە ژێر چاوەدێریی و بندەستی خۆیەوە، ئەوا با گومان و چاوەڕوانییش نەهێنینە ئاراوە.  ئەگەر ئێمە ئامادە نیین کە هەر هەموو پیشەسازیی ناردنەدەرەوەمان بکەین بە ئی کەرتی دەوڵەتیی ئەوا هیچ هۆیەکیش نییە کە وا خۆمان نیشان بدەین کە گەرەکمانە ئەوە بکەین: چونکە ئەگەر بەمە کەڵەک لە خۆمانیش نەدەین ئەوا کەڵەک لە خەڵکی دیکە دەدەین. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئێمە هۆمان لەبەردەستدایە کە دەربەستبوون سەبارەت بە بارودۆخەکانی بەرهەمهێنان لە هەموو جۆرەکانی شیرکەتدا نیشان بدەین، و کە هەنگاوی جودای کۆمەڵگا، کە پشتگیریی ناوچەیی، کە ڕێساگەلی کاربۆهاسانکردن، کە ڕێساگەلی باج و ماڵات و شتەکانی دیکە هەموو بۆ ئەوە فەراهەمکراون و دامەزراون کە جۆش و خرۆش بە شیرکەتداریی شیرکەتەکان بدات. لە ئاستیی نەتەوەییدا ئەمانە زۆر بە باشی بەکار دەبردرێن.
هاوکاتیش ئێمە زۆر بە ڕاشکاویی و ڕوونیی دەڵێین: ئێستا ئێمە سەنگەرەکانمان ڕووەو پێشەوە دەگوێزینەوە. ئەوە گرینگە بۆ ئەوەی کە سوێد بە وڵاتێکی پێشکەوتووی پیشەسازیی بمێنێتەوە. ئەو کارە بۆ هێنانەدی و بەرفەراهەمکردنی داواکاریە کۆمەڵایەتیە بناخەییەکانی خەڵک کە بۆ هەبوونی ژینگەیەکی دڵنییای کار هەیانە، گرینگە. ئا لەم خاڵەوە ئێمە ئامادەین کە بە ڕاشکاویەوە بڵێین کە هاوئاهەنگیبوونەکە چەند درێژ دەبێتەوە. ئەگەر بزووتنەوەی کرێکاریی بە هێرشەوە ڕێ بپێوێت – کە واش دەکەین – ئەوا بۆ ئەوەی ناکەین کە دژایەتی لایەنانی دیکە بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەی دەکەین کە هەلومەرجەکانی ژیان بۆ خەڵک باشتر بکەین.
بەڵام بێگومان ئێمە بێ شک ئامادەین بجەنگین [نە زەبرئامێز] ئەگەر پێویست کرا.
هێزی بزووتنەوەی کرێکاریی ئەوەیە کە ڕەگی خۆی لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا داکوتاوە. لەبەرئەوە ئێمە دەمانەوێت کەلێنە کۆمەڵایەتیکان ساف بکەین، هەبوونی کار پێش بخەین، ژینگە باشتر بکەین، ژیانی کار بڕفۆرمێنین وا کە بتوانێت وەڵامی مرۆڤەکان لە خوازیاریاندا بۆ هەبوونی دڵنییایی، تەندروستیی، دادوەریی و هاوبڕیاربووندا بداتەوە.

ڕێبوار ڕەشید لە سوێدیەوە کردوویە بە کوردی
٢٠٠٧/٦/١٠